# وڵاتی لە شەختە !!

حەمەی ئەحمەد ڕەسوڵ



١-١

>> ژین، دڵی کرێوەیە
هۆنراوە، چلوورەیە. . . .
بەهەشت دەشتی بێرِوونە
تەمەن، کەرتە شاخێکە و
داڵدەی هەوری زەبوونە !! <<

١-٢

ڕاز چلوورەیە،
دڵێ نابزوێ، گەڵای ئاوات و
چاوی ئەستێرە مولکی شەختەیە. .
یەکپارچە بەفرە ؛
گوڵی نێو باخچە و ملوانکە و گوارەی
کیژانی سەرِ ڕێ. . . . . . .
گۆرِەپانی شار، پیر و کەنەفتەی دەم کەسیرەیە. . . . !
شەقام بە پشتا بۆی پاڵکەوتووە
چەرخی سرِبوونە،
ماری باو بۆران ژەهری ڕشتووە !

***

سەمای شەختەیە و ئاهەنگی بەفرە. . .
بێکۆتاییە ؛ سەمای ڕیشۆڵە
پرِ نهێنییە پرچی هەوری سپی !!
" مانگ " ی بێداری شەوانی " کانوون " قاڵبێ سەهۆڵە !
– یا مەرگەساتە . . یان وادەی بەزمی خەنەبەندانە. .
وا بەو وەیشوومە، چیای هۆنراوە سەهۆڵبەندانە !!

١-٣

لێرە، لە کۆتایی وەرزی ئەم هەوارە ؛ بەستوویەتی
شەپۆلی ڕووباری سەرکەش. .
ژیلەمۆی سەرمایە ؛
شەونمی سەرلێوی خۆشەویستی !!!!
چۆلەکەی سۆز هەڵکورماوە. .

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت

www.kurdistannet.org
11/07/2003 03:46

ناخ ؛ جێ نزرگەی گەڵای وەریووە
ئاوی تەرزە ئەخۆینەوە ؛ دەنگ نووساوە !!!
– گوێم لە گریانی مناڵێکی تەزیوە
زاری لاواننەوە گۆ ناکا و
خوێنی شیعر مەییوە. . . . . . !!!!!!

٢–١

ئەمێستا من و
سەدان دەروێش و هاودەمی ئازار
لەبەردەمی کۆشکی هەزارنهۆمەی
" میر " دا وەستاوین. .
لەسەرما هەموو ؛ هەڵئەپەرین و
وەك " بی ی " ئەلەرزین !!
هاوار و دادمان بردە بارەگای شێخی " میر " مان :
+ شەختە هەورێکە برینی دێرین دێنێتەوە سوێ
بۆ کووچە و ماڵی نامۆ / ئەبێتە برا و خانەخوێ !!!
_ گەر بێتو تەرزەش،
بۆ ژان و گریان ببێتە هاوڕێ
تەمی بەر پە نجەرەی ماڵی ئەوین و سۆز ڕاناماڵێ. . . !!
+ ئەمانەوێ پشکۆی هیوا لە باوەش نێین !
_ هەلآی هەوری رەشە !
+ جەژنی کرێوەیە !
_ئێمە شەیدا و عەوداڵی هەتاوین !!
دوای سەدەیەکی پڕلە شەوەزەنگ
کەوتە بەر گوێمان :
+ ئێوە گەرم نابنەوە
شەختە و سەهۆڵ هاوڕێتانە
ناتوانن هاوسێی ئاگر بن
ئێوە ڕێژنەی " وەرزی پێنجەم " قیبلەتانە !
خوێنتان بەفرە،
ناختان، کوانووی بەستەلآنە
دەست وچاوتان نەخۆشە، دەروێشی بەفرە
دەروێشی دەردە. .
دەروونتان، دەستەمۆی " زیکر "ی ڕەشەبایە
لە بۆ ئێوە بەفری ئاوات، ماڵی گەرمە وخەڵوەتگایە !!!

www.kurdistannet.org
11/07/2003 03:46

٢-٢

دەنگی شاعیر :

باران. . هۆ باران

ئەی بارانی سوور. .

دەخیلی چاوتم، بەدەست خۆ نییە

گریێ حەسرەتی ژین ناکرێتەوە

دەی خۆش ببارێ ؛

هێندە ببارێ، تا گولاڵەی هەرد ئەگەشێتەوە !!

دەروونی " ئێمە " هێجگار هیلاکە. .

کرپەی بەفری شەوی ناوەختە، وێردی باڵندەی شار ئەتۆرێنێ !!

ئەی بارانی گەش وا خۆش ببارێ ؛

تنۆکەی گوڵ سوور،

مژدەی بەهەشت و بەهاری خەون

لەگەڵ خۆی بێنێ !!

٢-٣

دەنگی هۆزانڤانێکی دی :

باران. . هۆ باران

بارانی ڕەحمەت، تنۆکەی سپی!

ئەی هاودەم و یار

ببارێ وەکو شەپۆلی ڕووبار !

وا بەر هەیوان و پەنجەرەی ماڵی شێخی نیشتمان

بە تەرزەی چاو ڕەش، بەرز هەڵچنراوە !!

٢-٤

دەنگی هۆنەرێکی تر :

باران. . . هۆ باران

ئەی بارانی زەرد !

ئەی چاو هەنگوینی، بەسۆز ببارێ

با چیدی ژیان پەرەواز نەبێ !

" موخابن ئەورۆ پشکۆی ئاواتمان لە زاری بەفرا ئەکوژێتەوە !!!!"

www.kurdistannet.org